وەزارەتی ناوخـــۆ
ئیدارەی گەرمیـــان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا
ژمـــــارە : ٤٤٨٥
ڕێکـەوت: ١٢ / ١٢ / ٢٠٢١

# بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە( GP.25-2021 ) تەندەری پرۆژەی

## ﴿ دابینکردنی پێداویستی مەوادی پاککردنەوەی نەخۆشخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان ﴾

## کەمکردنەوەی نهێنی / بـانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەلێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەینـــەوە کـــە تەنـــدەری پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیـــە ، کە ئامادەکراوە لە لایەن ( ب.گشتی تەندروستی گەرمیان) ، لە سەر بودجەی داهاتی گشتی تەندروستی گەرمیان خەرج دەکرێت ، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( یەك ) ساڵ.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( دوو شەممە ١٣/ ١٢ /٢٠٢١ )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( یەك شەممە ٢٦ / ١٢ / ٢٠٢١) کاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە (٣٥,٠٠٠ ) سی وپێنج هەزار دینار دەبێت کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( دوو شەممە ٢٧ / ١٢ / ٢٠٢١ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ دەبێت وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ دەبێت وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەکانی تەندەرەکە بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان / کاروباری هونەری / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات .
- مەرجەکان:

١. پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەر و دابینکەرانەی کەبەشداری دەکەن پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت یان پسپۆر بن لەو بوارەدا .
٢. بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر (**التعهد الخط الضامن**) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەکانی تەندەر هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر و واژۆی لەسەر بێت وە پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان
٣. ماوەی کار کردووی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێ دەکات .
٤. **پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاسایی نیە .**

٥. پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠٢١) یان هەبێت .
٦. فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .
٧. دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر .

**جـــلال نـــــوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان /بەوەکالەت**